# یەکگرتووی ئیسلامی و پەیامێکی پێچەوانە

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com

یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان لە ژێر دروشمی " بەرەنگاری گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزاری " بە لیستێکی سەربەخۆوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی 15ـ12ـ2005 دەکات . ئەم دروشمەی یەکگرتووی ئیسلامی بەرزی کرۆتەوە هیچ نیە بێجگە چەواشەیەکی ئاشکراو فریودەرانە , ئەم دروشمە تەواو پێچەوانەی زەمینەو زەمانێکە کە یەکگرتووی ئیسلامی گەشەی تێدا کردوو گەرای خۆی تێدا دانا . لە دنیای سیاسەتدا هەرگیز ڕووینەداوە کە هیچ حیزبێکی سیاسی خەریکی ئەوە بێت ئەو هەلومەرجە لەناوبەرێت کە تیایدا سەری دەرهێناوەو پێناسەی خۆی تێدا کردووە , هەموو دەزانین کە یەکگرتوو ڕۆژگارێك توانی فرسەت لە خەڵك بهێنێت و ئیرادەو بیروباوەڕی سەدان خێزان لە ڕێگەی مووچەو هەتیوانەوە بکڕێت , کە گەندەڵی و بوونی دەسەڵاتێکی میلیشیای بەسەر خەڵکی کوردوستاندا فەرز کرابوو , بەبێ بوونی گەندەڵی و شەڕ و برسیەتی و گەمارۆی ئابووری و سەدان دەردوو مووسیبەتی تر بەسەر ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردوستانەوە , یەکگرتووی ئیسلامی نەیئەتوانی خۆی وەك بەدیلی دەسەڵات نیشان بدات و پێی وابێت ئەو ئەتوانێت بە گژی گەندەڵیدا بچێت . گەندەڵی و نەبوونی سیستەمێکی مەدەنی بۆ ژیانی خەڵك , مەحرووم بوونی خەڵکی کوردوستان لە سەرەتایترین پێداویستیەکانی ژیان , زەمینەی کردەوە بۆ ئەوەی یەکگرتوو کەمێن دابنێت بۆ خەڵك و ڕاوی ویژدان و بیروباوەڕ و تەنانەت منالی بوونی منالانیش بکات, هەموودیمان کە چۆن منالانیان ڕیز دەکردوو بەو مووچانەوە وێنەیان دەگرتن کە بە قیمەتی لەدەستدانی هەست و سۆزی بێگەردیان بوو , لەچ جێگایەکی دنیا کە ئینسان یەکزەڕە قیمەتی هەبێت بە کڕینی بیری پاکی منالان , موقەدەراتی خێزانێك دیل کراوە , ئەگەر گەندەڵی و شەڕ و سەرمایە کۆکردنەوەی دەسەڵاتدارانی کوردوستان نەبوایە لە کوێ یەکگرتوو ئەیتووانی بە کیلۆیەك چەرم و چەوری و ئێسقان خەڵکی برسی ڕوو پێبکاتە مزگەووت و بارەگاکانیان لەنیو ماڵەکاندا . یەکگرتوو ئەبوایە لەسەر هەرچی لە لیستی ئەحزابی قەومی کورد و هاوکارەکانی جیابووایەتەوە , گەندەڵی نەکردایە بە بەهانەو بەتووندی باوەشی بکردایە بە سەرانی ئەحزابی قەومی کورداو پێی بووتنایە ئەگەر گەندەڵی ئێوەو برسیەتی خەڵك نەبوایە ئێستا ئێمە هیچ کارە ئەبووین . گەندەڵی بە هێزێك لە ناونابرێت کەخۆی لەدایك بووی منالدانی گەندەڵی بێت و ئەوەندەی وەك بازرگانیکەر بە ژیانی خەڵکەوە دەرکەووتبێت ئەوەندە وەك هێزێکی سیاسی نەناسرابێت , یەکگرتووی ئیسلامی دەیەوێت وەك کاری هەمیشەی بەم هەنگاوەی سواری نارەزایەتی خەڵك بێت و گۆماوێکی گەورەتری دۆزیووەتەوە بۆ ئەوەی مەلەی تێدا بکات لە گەڵ هاوشێوەکانی بەناوی " هەیئەی عولەماو , حیزبی ئیسلامی عێراق " .

دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی کورد و ئیسلامی سیاسی لەسەر هەرچی کێشەیان بێت لە کوردوستان , بۆ خەڵك هیچ مانایەکی نییەو هەردووکیان وەك ئەو دوومەڵە وان ئەگەر لەدەست بڕوێت یان قاچ هەر یەك شێوەن و بۆ خەڵکی کوردوستان هەر ئازارن . خەڵکی کوردوستان ئەبێت لە گەمەی هەڵبژاردن و چەواشەکاری ئیسلامی سیاسی و هەوڵە پێچەوانەکانیان زۆر بە ئاگابن , ناکرێت هەر ڕۆژەو هەر جارێك خەڵکی کوردوستان کەرەسەی بەردەم دەڕاسەی ئینسان دوورینەوەی ئەم هێز و تاقمانە بێت , من ئەوەندە دەڵێم بۆ ئەوەی هەرکەس لەوە تێبگات ئەو کارانەی کە یەکگرتوو ناوی ناوە خزمەتگوزاری و فەزڵی پێ ئەفرۆشێت بەسەر خەڵکی کوردوستاندا , بابچین و یەکە یەکە سەر بەو ماڵانەدا بکەین کەمناڵەکانیان یەکەم وەجبەی مووچەی هەتیووانەیان لەم بازرگانانە وەرگرت , کە دیارە ئێستا گەورەبوون و چەند ساڵێك بەسەر ئەك کارەدا تێپەڕیووە , ئەگەر لە سەدا سەدی ئەو منالە کچانە حیجاب نەبوون و لە سەدا سەدی ئەو خێزانانە نەبووبنە کەرەسەی شەڕی دەنگدان و گەرم کردنی کۆڕی مزگەووت و بارەگاکانیان , یەکگرتوو ئەتوانێت قسەیەکی تر بکات . یەکگرتووی ئیسلامی پرۆژەی سەلب کردنی ئیرادەی خەڵکی برسی و بێدەنگ کردنی خەڵکی کوردوستانەو زادەی جەنگەڵی شەڕو گەندەڵی و نەبوونی جەماوەری مەحرومە , ئەوەی لە بەرنامەی ئەم هێزە دژی ئازادی و مەدەنیەتی خەڵکیەدایە لەوە باشتر نیە کە هاوشێووەکانیان لە میسر و فەلەستین ئەنجامی دەدەن . هەڵبژاردن پەردەیەکی ترە لە پەردەکانی شانۆگەری سیناریۆی ڕەش و ناتووانێت وەڵام بە سەرەتایترین پێداویستیەکانی ژیانی خەڵکی بداتەوە ,

ئەحزابی قەومی کورد و ئیسلامی سیاسی هێزی ڕزگارکەری خەڵك نین و خۆیان سەرچاوەی تەواوی ئەو ڕۆژ ڕەشیانەن کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردوستانی تێدایە .

کۆتای هێنان بەم وەزعەو ڕزگار کردنی خەڵکی کوردوستان لە هەلومەرجێك کە تێیدا ژیان دەکەن , لە گرەوی هێنانە دەرەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردوستان و کۆبوونەوەیانە لە دەوری خواستی جیابوونەوی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی .